# پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ئۆکتۆبەر "یوسف قادر "دەستگیر دەکات! ... حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

ئەمڕۆ یوسف قادر کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەشاری هەولێر، تەنها لەبەر ئەوەی کە رۆژنامەی ئۆکتۆبەر بلاودەکاتەوە، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر دەکرێت و سەرەتا دەبرێتە ئاسایشی ئازادی و پاشان دەبرێتە بەشی سیاسی لە ئاسایشی هەولێر و پاش 3 کاتژمێر ئازادی دەکەن...
تا ئێستا بە حوکمی رێگە نەدان و زەوتکردنی مافی ئازادی ڕادەبرین و ئازادی خۆپیشاندان و بەگشتی زەوتکردنی ئازادییە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان، یەك خۆپیشاندان لە شاری هەولێردا ڕوینەداوە، چونکە پێش ئەوەی ڕوبدت لە بار دەبرێت لە ڕیگەی ئەوەی کە تەواوی مۆلەتەکان بۆ خۆپیشاندان ڕاستەوخۆ رەفز دەکرێن... ئەمەش پێش ئەوەی نیشانەی بەهێزی ئاسایش بێت، نیشانەی سەرکوت و زەوتکردنی مافی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەمشارەیە. کاری پۆلیس و ئاسایشی هەولێر تەنها بۆتە پێش گرتن و ڕیگ گرتن لە خۆپیشاندان و مۆلەت نەدان پێیان و زۆرهێنان بۆ لایەن و رێکخراوەو و گروپ و کەسانی ئازادیخواز لە پێناو لەبار بردنی هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری و نیشاندانی خواست و داوای بەرحەقی خەڵکدا لە دژی گەندەڵی و لە پێناو دابینکردنی موچەی بەرزترو مافە سیاسی و مەدەنیەکاندا...
"تاوانی" یوسف قادر تەنها بلاوکردنەوەی رۆژنامە بوە، رۆژنامەیەك کە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ئیشتهای پارتی دیموکرتدا نایەتەوە، بۆیە لەلایەن ئاسایشەوە راپیچەدەکرێت بەرەو ئاسایش. ئەم کردەوەیە و تەواوی پێش گرتن و مۆلەت نەدانەکان بە خۆپیشاندەران و کەسانی نارڕزی، هەموویان زەوتکردن و پێشێلکردنی ئازادی بیرو راو ئازادییە سیاسیەکانە و بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ پروپاگەندەکانی بارزانیدا لەمەڕ ئازادی و نیشاندانی هەولیر و کوردستان وەك مەلبەندی ئازادی و دیموکراسی....
ئیمە ئەم کردەوەیەی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیدانە دەکەین، داوا دەکەین لە گشت ئازادیخوازانی کوردستان و جیهانیش ئەم کردەوە دژی ئینسانی و زەوتکردنەی مافە سیاسیەکان ئیدانە بکەن و فشار بخەنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەشێوەیەکی یاسایی پابەند بیت بە ئازادییە سیاسیەکان و ئازادی بیرو ڕڕو ئازادی خۆپیشاندانەوە......

ڕیکخراوی کوردستان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2005/11/24